


# داکێکی شەحنکردنەوە تایبەت بە کاتژمێری سمارت






کاتژمێرە هۆشمەندەکان هەرچەندە لەلای ئێمە زۆر گشتگیر نەبوونە، بەڵام پێدەچێت داهاتوو بۆ ئەوان بێت.. چونکە هەم بچوکن و هەم چەندین ئەرک ئەنجام دەدەن بۆیە ڕەنگە شوێنی مۆبایل بگرنەوە.

کۆمپانیای ئەپل کە لە پێشەنگی ئەو کۆمپانیایانە دێت کە کاتژمیری زیرەکی بەرهەم هێنا، لەم ماوەیەشدا (داك)ێکی بۆ شەحنکردنەوە بەبێ وایەر تایبەت بەو کاتژمێرە بەرهەم هێناوە، بەهۆی ئەو ستاندەوە بەکارهێنەر دەتوانێت بەشێوەی وایەرلەیس کاتژمێرە شەحن بکاتەوە. جیاوازی شەحنکردنەوەی بێ وایەری ئەم ستاندە لەگەڵ شەحنکەرەوەکانی دیکە لەوەدایە لەم (داك)ەدا بەکارهێنەر دەتوانێت کاتژمێرەکە بەشێوەی nightstandیش شەحن بکاتەوە.

## بڵندگۆیەک دەبێت




کۆمپانیای پاناسۆنیك جۆرێك لە بڵندگۆ واتە سپیکەری بەرهەم هێناوە کە بە megaphoneyaku ناسراوە، ئەم بڵندگۆیە لە شوێنی بەستنی کۆنفرانس و بۆنەکان، یان لە خولەکانی ڕاهێنان یان لە فرۆکەخانەکان سودی لێدەبینرێ. ئەم بڵندگۆیە لەیەك کاتدا دەنگی بەکارهێنەرەکەی بۆ سێ زمان وەردەگێڕێ، بۆ نمونە ئەگەر وەرگێڕەکە بە زمانی ژاپۆنی بانگەوازی




# شۆڕشێکی دیجیتالی لە شەحنکردنەوەی باتریدا

زانایانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ لەمێژە لە هەوڵدان کە کارێك بکەن خێراییەکی زۆر ببەخشن بە شەحنکردنەوەی باتری ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، بۆ شەحنکردنەوەی تەواوی مۆبایلێك واتە لە سفرەوە بۆ سەد لانی کەم نیوکاتژمێر دەخایەنێ... بەڵام کۆمپانیای huawei گۆڕانکارییەکی جیدی کە بە شۆڕشێك لە جیهانی دیجیتالیدا دەژمێردرێ لە شەحنکردنەوەی باتریدا پێکهێناوە، باترییەکی نوێی لە پیشانگای battery symposium خستەڕوو، دەتوانێت تا دە قات خێراتر باترییەکە شەحن بێتەوە. لەو باترییە نوێیەدا تەنیا لە ماوەی ٣ خولەك هەتا ٥ خولەك باتری بەتەواوی شەحن دەبێتەوە.. دیارە بەپێی گەورە و بچووکی باترییەکان ماوەی شەحنکردنەوەکە دەگۆڕێ، بەڵام هیچ باترییەك بۆ شەحنکردنەوە لە ٥ خولەك زیاتر ناخایەنێ..



# ئامێرێک بۆ ڕۆیشتنی بە کۆمەڵ لە شەودا

جار هەیە کۆمەڵێك دۆست و هاوڕێ ڕێك دەکەون کە بەهۆی سەرقاڵیان لە ڕۆژدا وەرزش و چالاکی جەستەیی لە شەودا ئەنجام بدەن، یان چەند کەسێك بە نیازن بۆ ماوەی چەند شەوێك لە گەشتدابن، دیارە هەموو شەوێکیش هەر مانگە شەو و ڕووناك نییە، بۆ ئەوەی کە ئەوانە لەیەکتر ون نەبن، ئامێرێکی بچووك کە لە ڕاستیدا گڵۆپێکی ڕەنگاوڕەنگە بەرهەمهاتووە، کە بە id4 ناسراوە، ئەم ئامێرە بچووکە وەك بازنەیەك لە قۆڵ، یا پشت یا پێڵاو دەبەسترێت بەهۆی ئەوەوە هەم لێك ون نابن، هەم ئەگەر ئۆتۆمبێلیشك هات لە دوورەوە دەیان بینێ و تووشی مەترسیان ناکات، بازنە ڕەنگاورەنگەکە نەك بۆ پیادە بەڵکو بۆ ئەوانەی پایسکل سواریش دەکەن سوودی هەیە. گڵۆپەکە وزەکەی لە دوو باتری بچووك بەدەست دێنێ و هەتا ١٠٠ کاتژمێریش شەحنی دانابەزێت.

## ــــــه وەرگێڕی زمان

شتێك بکات، بە داگرتنی دوگمەیەك دەنگەکە بەزمانی ئینگلیزی بڵاودەبێتەوە. بڵندگۆکە شێوەی وەك ئەو بڵندگۆیانە دەچێت کە ڕۆژانە بە دەست دەستگێڕەکانی لای خۆمان دەیبینین. بیرۆکەی دروستکردنی بڵندگۆکەکە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە کارمەندانی فرۆکەخانەی تۆکیو کاتێك بە زمانی ژاپۆنی بانگی گەشتیارانیان دەکرد تێنەدەگەیشتن، بۆیە پێویستیان بە ئامێرێکی وا هەبوو کە زمانەکان بۆ وەربگێڕێ، ئەگەر زمانی وەرگێڕانەکە هەروەك ئەوە بێت کە لە وەرگێڕانی گوگل دا دەیبینین دەبێ گوێمان لە شتی سەیروسەمەرە بێت و وەك گاڵتە جاڕی دەچێت..

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**بەرێزێك دەپرسێت بۆ نیشاندانی پرۆژەکەم سوودم لە پاوەرپوینت وەرگرتووە، نزیکەی سەد سلایدم دروستکردووە، بەڵام لەو فونتەی کە سلایدەکەم پێنووسیوە رازی نیم و نیازیم هەیە بیگۆڕم، چۆن بکەم هەموو سلایدەکان بەیەکجار و بەیەك کلیك بگۆڕم؟**

خوێنەری بەڕێز ئەمە زۆر ئاسانە، سەرەتا لە بەشی home دا بەشی editing بکەوە، دواتر لەسەر تیر (سەهم)ێك کە لەسەر فەرمانی replace نیشاندراوە کلیك بکە، دواتر فەرمانی replace fonts بکەوە و لە بەشی replace ئەو فۆنتەی کە نیازتە بگۆڕ دیاری بکە و لە بەشی With ئەو فۆنتەی کە دەتەوێ دایبنێی هەڵبژێرە و دوگمەی replace لێبدە و تەواو فۆنتەکە دەگۆڕدرێت..



## نوێ بەڵام لە بەرگی کۆندا!

کۆمپانیای سامسۆنگ لەم ماوەیەدا مۆبایلێکی زیرەکی بەرهەم هێناوە کە هەمان ستایل و شێوازی مۆبایلە کلاسیکیەکانی خۆی هەیە، بەڵام سیستەم و تواناکانی نوێن.. مۆبایلی جۆری w۲۰۱٦ لە جۆری تاشۆیە واتە لە دوو بەش پێکهاتووە..دوو شاشەی هەیە. شاشەکانی ۳٫۹ ئینجین. خێرایی ۲٫۱ گیگاهێرتزە. رامەکەی سێ گیگابایتە و میمۆری خەزن کردنی ٦٤ گیگابایتە و کامێراکەی سەرەکی ١٦ میگاپیکسلە و کامێرای پێشەوەی ٥ میگاپیکسلە. سیستەمی ئەندرۆید ٥٫١ی لەسەرە.



## لە داهاتوودا هەموو شاشەیەک دەبێتە کۆمپیوتەر

کۆمپانیای ASUS و گوگل پێکەوە ئامێرێکیان بەرهەم هێناوە کە بەقەد فلاش میمۆرییەك دەچێت، ئەم ئامێرە بە (chromebit) ناسراوە و لەهەر شاشەیەك بخرێت دەبێتە کۆمپیوتەرێکی تەواو. ئەگەر کیبۆرد و ماوس و بلوتوسێکی بۆ دابندرێ ئیدی گشت ئەرکێك کە بە کۆمپیوتەر دەکرێت بەو ئامێرە بچووکەش دەکرێت کە سایزەکەی ١٠ (سم)ە و بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت. بەهۆیەوە بە ئاسانی دەتوانی سایتەکان بکەیەوە، گەمە و یاری بکەی و لە پرۆگرامەکانی ئۆفیس سوود وەربگری.






# ئامێرێک بۆ نەهێشتنی تیشکە زیانبەخشەکان


ئەو تیشکە شینانەی کە لە شاشەی تەلەفزیۆن و مۆنیتۆری کۆمپیوتەرەکانەوە دەردەچن زیانێکی زۆر بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنن و یەکێك لە زیانەکان شێواندن و ئاڵۆز کردنی خەوی شەوانەیە، ئەو تیشکە شینانە تێکدەری هۆرمۆنی «میلاتوین»ن ئەم هۆرمۆنە ئەرکی ئەوەیە کە خەو هەستان لە مرۆڤدا ڕێك بخات.

ئامێری Drift TV ئامێرێکی بچووکە بەهۆی شوێنی HDMI و AV لە شاشەکان پەیوەند دەبێت، ئەگەر سیستەمەکە لەسەر حاڵەتی هۆشمەند داندرابێ کاتی خەو دیاری دەکا و کاتژمێرێك بەر لە نووستن تیشکە ڕووناکییەکان کەم دەکاتەوە، بەجۆرێك کە لە ماوەیەکی کەمدا ڕێژەی کەمکردنەوەکە دەگەیەنێتە ١٠٠٪ بەڵام ئەوکات فیلمەکە کوالیتی لە شاشەکەدا زۆر دێتە خوارێ، هەرچۆنێك بێت ئەگەر خەوێکی خۆشی دوور لەخەونی ئاڵۆزت دەوێت ئەو ئامێرە سوودێکی هەیە.




## تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ کتێب خوێندنەوە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی مەجازیدا زۆر بوونە، هەرچەندە تا ئێستا فەیسبووك لە ڕیزی یەکەمدایە، بەڵام فەیسبووك و تۆڕەکانی دیکە هەموویان گشتگیرن و تایبەت نین، بەڵام سایتی goodreads.com تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتە بە کتێب و کتێب خوێندنەوە. لەو وێب سایتەدا بە ملیۆنان کتێبی بە هەموو زمانەکانی جیهان تێدایە، لە نێو ئەو زمانەدا زمانی کوردیش هەیە. دەتوانی لەو سایتەدا کتێبێك بخوێنیەوە و بۆچوونی خۆتی لەسەر بنووسی و لەگەڵ دۆست و هاوڕێیانت موناقەشەی لەسەر بکەی..



## پاوەر پۆینت گۆڕانکاری جیدی بەسەرداهات

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە بەرهەمهێنەری زنجیرە پرۆگرامەکانی ئۆفیسە لە ڤێرژنی نوێی ئۆفێسدا واتە ئۆفێس ٢٠١٦ گۆڕانکاری گەورەی بەسەر پرۆگرامی پاوەرپۆینتدا هێنا، بۆ بیرهێنانەوە پاوەر پۆینت لە ڕیزی یەکەمی ئەو پرۆگرامانە دێت کە بۆ نیشاندان و سلاید و کۆنفرانس و دروستکردنی فیلم بۆ داتاشۆ سوودی لێدەبیندرێ.. بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لە پاوەر پۆینت دەبێت شارەزاییەکی تەواوت بەسەر پرۆگرامەکە و چۆنییەتی دروستکردنی سلایدا هەبێت، کۆمپانیای ناوبراو لە ڤێرژنە نوێیەکەدا دوو توانای گرنگ بە پرۆگرامەکە زیاد کراون کە بریتین لە PowerPoint designer و morph ئەم دوو ئامرازە دەتوانن زۆر هۆشمەندانە بە شێوەی ئۆتوماتیکی جوانترین سلاید دروست بکەن، ئیدی پێویست ناکات بەکارهێنەر خۆی زۆر بە دروستکردنی سلاید ماندوو بکا، چونکە سەدان دیزاینەری لە پێشدا ئامادەکراو لە پرۆگرامەکەدا هەیە، تەنیا ئەوەیە کە کلیك لەسەر دیزاینی مەبەستت بکەی ئیدی بە ئاسانی سلایدەکە دروست دەبێت. جگە لەو دوو تایبەتمەندییەی کە باسمان کردن چەندین ئیفێکتی سێ ڕەهەندی تێدایە کە تەنانەت دەکرێت لە نووسینەکانیشدا ئەنیمەیشنی جولەدار دروست بکرێت.